**وەزارەتی دارایی و ئابووری**
**ژمارە : ٤٦٣١ لە ٢٠٢٠/٧/٢١**

## ڕێنمایی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٠
## ڕێنمایی تایبەت بە لێخۆشبوونی قەرز بە ڕێژەی (١٥٪)

پاڵپشت بە بڕیاری کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی ژمارە(٢٧) لە ٥/٥/ ٢٠٢٠ کە بە ژمارە (٥٠) دەرچووە بە نووسراوی ژمارە (٣٢٦٤) لە ٢٠٢٠/٦/١ بە دەستمان گەیشتووە سەبارەت بە خالی (١٧) لە بواری داهات وە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سکرتاریەتی ئەنجومەن ژمارە (٤٠٥٥) لە ٢٠٢٠/٧/٨ بڕیاردرابە:-

**١- پێشینەی خانووبەرە و پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری:**

أ- لێخۆشبوون بە ڕێژەی (١٥٪) لەوغرامە و پێشینەیی کە لە ئەستۆی هاووڵاتی ماوە ئەگەر بە یەک گووژمە بداتەوە بە شێوەی نقدی.

ب- لێخۆشبوون بە ڕێژەی لە (١٥٪) لەو پێشینەیی کە لە ئەستۆی هاووڵاتیانە و کاتی گەرانەوەی ماوە لەو ماوەیەی کە هاوڵاتی بۆی دیاری کراوە ئەگەر بە یەك گووژمە بداتەوە بە شێوەی نقدی.

**٢- پێشینەی هاوسەر گیری :**

أ- لێخۆشبوون بە ڕێژەی (١٥٪) لەو پێشینەیی کە لە ئەستۆی هاووڵاتی ماوە ئەگەر بە یەک گووژمە بداتەوە بە شێوەی نقدی.

ب- لێخۆشبوون بە ڕێژەی لە (١٥٪) لەو پێشینەیی کە لە ئەستۆی هاووڵاتیانە و کاتی گەرانەوەی ماوە لەو ماوەیەی کە هاوڵاتی بۆی دیاری کراوە ئەگەر بە یەك گووژمە بداتەوە بە شێوەی نقدی.

**٣- پێشینەی قەرزی بچووك:-**

أ- لێخۆشبوون بە ڕێژەی (١٥٪) لەوغرامە و پێشینەیی کە لە ئەستۆی هاووڵاتی ماوە ئەگەر بە یەک گووژمە بداتەوە بە شێوەی نقدی.

ب- لێخۆشبوون بە ڕێژەی لە (١٥٪) لەو پێشینەیی کە لە ئەستۆی هاووڵاتیانە و کاتی گەرانەوەی ماوە لەو ماوەیەی کە هاوڵاتی بۆی دیاری کراوە ئەگەر بە یەك گووژمە بداتەوە بە شێوەی نقدی.

٤- دوا ڕێکەوت بۆ جێبەجێ کردنی خاڵەکانی (٣،٢،١) ی سەرەوە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٩/١ دەبێت

٥- ئەم ڕێنماییە جێبەجێ دەکرێت لە بەرواری ٢٠٢٠/٧/١ و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**